# ئێوە پەروەردگارتان دەبینن هەروەکو چۆن ئەم مانگە دەبینن

لە جەریری کوڕی عبداللەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: لەلای پێغەمبەر -صلی اللە علیه وسلم- بووین وسەیری مانگی کرد لە شەوی چواردەدا (شەوی بەدردا)، وفەرمووی: «ئێوە پەروەردگارتان دەبینن هەروەکو چۆن ئەم مانگە دەبینن، بۆ بینینی تووشی هیچ ناڕەحەتیەک نابن، هەتا دەتوانن هیچ شتێک نەبێـتە ڕێگر لەئەنجامدانی نوێژ لە پێش دەرچوونی خۆر (نوێژی بەیانی) ولە پێش ئاوابوونی خۆر (نوێژی عەسر)؛ ئەوا ئەنجامیان بدەن». پاشان -ئەم ئایەتەی- خوێندەوە: «{وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ قَبْلَ طُلُوعِ الشَّمْسِ وَقَبْلَ الْغُرُوبِ} «{واتە: {و بەستایشی پەروەردگارت تەسبیحات بکە پێش هەڵهاتنی خۆر وپێش ئاوا بوونیشی.

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

هاوەڵان لەگەڵ پێغەمبەر -صلی اللە علیه وسلم- بوون لەشەوێکی مانگی چواردەدا ؛ -صلی اللە علیه وسلم- سەیری مانگەکەی کرد، وفەرمووی: ئیمانداران بەڕوونی وئاسانی وئاسوودەیی پەروەردگاریان دەبینن بە چاوەکانیان، وبۆ بینینی اللە -سبحانە وتعالی- تووشی هیچ ناڕەحەتی ویاڵەپەستۆ وماندووبوونێک نابن. پاشان پێغەمبەر -صلی اللە علیه وسلم- فەرمووی: هەتا دەتوانن ئەو ڕێگرانە مەهێڵن کە دەبنە هۆی بەربەست لە ئەنجامدانی نوێژی بەیانی ونوێژی عەسر، ئەو نوێژانە ئەنجام بدەن بەڕێك وپێکی وتەواوی لەگەڵ کۆمەڵدا، چونکە ئەمە هۆکارە بۆ بینینی خوای گەورە -عز وجل-. پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە: {وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ قَبْلَ طُلُوعِ الشَّمْسِ وَقَبْلَ الْغُرُوبِ} واتە: {و بەستایشی پەروەردگارت تەسبیحات بکە پێش هەڵهاتنی خۆر وپێش ئاوا بوونیشی}.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5657

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee